www.kurdistannet.org 21-09-2002

# گێڤارا

حەمەسەعید حەسەن
hemeseidhesen@hotmail.com

دنیا هێمنە،
ئەو دەنگە دەنگە
کۆرژنی ئەسپی هۆزانی منە.
دنیا تاریکە،
ئەو رووناکییە
تیشکی ئاگری رەوانی منە.
دنیا خەزانە
ئەو گەڵا سەوزە
پەیڤی بوێری سەر زاری منە،
دنیا لە قوڕی خەودا چەقیوە،
ئەو جموجووڵە
شەقژنی خواستی باڵداری منە.